کاتێک کافر چاکەیەک بکات؛ ڕزقێکی پێدەبەخشرێت لەم دونیایەدا، بەڵام ئیماندار خوای گەورە چاکەکانی بۆ دەپارێزێت (بۆئەوەی پاداشتی بداتەوە) لە قیامەتدا، وەرزقی پێدەبەخشێت لە دونیادا بەهۆی گوێڕایەڵبوونی

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «کاتێک کافر (بێباوەڕ) چاکەیەک دەکات؛ ڕزقێکی پێدەبەخشرێت لەم دونیایەدا، بەڵام ئیماندار خوای گەورە چاکەکانی بۆ دەپارێزێت (بۆئەوەی پاداشتی بداتەوە) لە قیامەتدا، وەرزقی پێدەبەخشێت لە دونیادا بەهۆی گوێڕایەڵبوونی». ولە گێڕانەوەیەکدا: «خوای گەورە ستەم ناکات لە ئیماندار (تەنانەت) هێندەی یەک چاکەیش بێت، بەهۆیەوە لە دونیادا (ڕزقی) پێدەبەخشرێت، ولە قیامەتدا بەهۆیەوە پاداشتی دەدرێتەوە، بەڵام کافر (بێباوەڕ) ئەگەر چاکەیەک بکات ڕزقی پێدەبەخشرێت ئەگەر لە پێناو خوای گەورە ئەنجامیدا بێت، هەتاوەکو ئەگەر بگات بە قیامەت، هیچ چاکەیەکی نییە بۆئەوەی لەسەری پاداشت بدرێتەوە».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

کاتێک کافر (بێباوەڕ) چاکەیەک دەکات؛ خوای گەورە ڕزقێکی پێدەبەخشێت لەم دونیایەدا، بەڵام ئیماندار ئەگەر چاکە وپەرستنێک ئەنجامبدات ئەوا خوای گەورە چاکەکانی بۆ دەپارێزێت بۆئەوەی پاداشتی بداتەوە لە قیامەتدا، وەرزقی پێدەبەخشێت لە دونیادا بەهۆی گوێڕایەڵبوونی. لە گێڕانەوەی دووەمدا: خوای گەورە پاداشتی ئیماندار دەداتەوە لە دونیادا بەهۆی کردەوەکانی، وهەروەها لە قیامەتیش پاداشتی دەداتەوە، بەڵام کافر تەنها لە دونیادا پاداشت دەدرێتەوە ولە قیامەتدا پاداشت نادرێتەوە چونکە لەسەر کوفر وشیرک وبێباوەڕی مردووە هیچ چاکەیەکی نییە بۆئەوەی خوای گەورە لەسەری پاداشتی بداتەوە. وزانایان یەکدەنگن سەبارەت بەوەی ئەگەر کافر لەسەر کوفر وشیرک وبێباوەڕی بمرێت ئەوا لە قیامەتدا بە هیچ شێوەیەک پاداشت نادرێتەوە لەسەر چاکەیەک ئەگەرچیش مەبەستی نزیکبوونەوە بێت لە خوای گەورە، چونکە مەرجی پاداشت دانەوە لە قیامەتدا؛ مردنە لەسەر مسوڵمانێتی وئیمان، ولەم فەرموودەیەدا باسی ئەوە کراوە کە تەنها لە دونیادا ڕزقی پێدەبەخشرێت بەهۆی ئەو چاکانەی لە پێناو خوای گەورە ئەنجامیداوە، لەو کردەوانەی کە زۆر جار نیەتی چاکەی لەگەڵدایە وەکو گەیاندنی پەیوەندی خزمایەتی وخێرکردن وڕزگارکردنی بەندە ومیواندرێتی وئاسانکاری کاری خێر وچاکە بۆ خەڵکی وبەو شێوەیە. بەڵام کافر ئەگەر مسوڵمان بێت ئەوا لە قیامەتدا پاداشت دەدرێتەوە لەسەر ئەم کارانە ئەگەرچیش لەکاتی کافربوونی ئەنجامی دابێت بەهۆی فەرموودەی: (أسلمت -على ما أسلفت من خير) واتە: (مسوڵمان بوویت لەگەڵ ئەو چاکانەش کە لە پێشووتردا ئەنجامتدا -بۆت دەنووسرێت).

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10105